پێشکەوتنێک بە ناوی بووری مارکسیستی.. بەشی دووەم.. ڕووتی نەوەدەکان و بەلشەفی

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: گەران عەبدوڵا

بەشی توێژینەوە
International Bolshevik Tendency_IBT

نامەبوون
مارکس پێی وابوو گۆڕینی هۆشیاریی مرۆڤ بە سروشت توخمێکی بنەڕەتییە بۆ ئاوەژووکردنی مرۆقبوون مانا پەیدابکات. بوونی جۆرەکانی مرۆڤایەتی، واتە پراکتیزەکردنی مرۆڤ بە "بابەتیکردنی" کارەکانمان لە توخمەکانی سروشتدا کاتێک پێکەوە بەرهەم دەهێنین، توخمێکی ئەبەدییە لە بارودۆخی مرۆڤدا.
نامەبوون بەرهەمی شۆوازی ڕێکخستنی بەرهەمهێنانە. تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی بەرهەمهێنان یان بارودۆخی مرۆڤ نییە. نامەبوون چییە؟ چی لە چی یان لە کە نامێنێ، دووركەوتووتەوە یان جیاکراوەتەوە؟ وە ئەم چ پێوەندییەکی بە بەها و زەدەباییەوە هەیە؟

نامەبوون لای مارکس سێ ڕەهەندی هەیە:

١- بەرهەمی کار، واتە کاری بابەتیی، بووەتە "دڕاوەی کرێکار". مارکس بەم مەبەستە مەبەستی ئەوەیە کە بەرهەمی کار هی کەسێکی تر جگە لە کرێکارەکە، واتە بەتە "نامە" یان جیابووەوە لەو کەسەی کە دروستی کردووە.
٢- وەک چۆن بەرهەمی کار بە کرێکار نامە بووە، بە هەمان شێوەش خودی چالاکیی کرێکاری بووەتە "دڕاوەکی"، واتە لایەن کەسێکی دیکەوە بە بڕژەوەندی کەسێکی دیکە کۆنترۆڵ دەکرێت. کار بەتە کاری "زۆر" یان "زۆر" و ئامرازێکە بە ئامانجێک (واتە مانەوە لە چوارچێوەی بارودۆخی سروشتی و کۆمەڵایەتی دوژمنکارانەدا) نەک دەربڕینی ئەوەی کە مرۆڤبوون مانای چییە. بەم مانایە کرێکار لە "بوونە جۆرییەکەی" دوورکەوتووەتەوە.
مارکس ئاماژە بەوە دەکات کە کرێکاران بە نامەبوون لە جۆهەری مرۆیی چالاکیی هۆشیارانە و داهێنەرانە، بە شێوەیەکی پارادۆکسیکال بەدوای ئەزموونی ئاسوودەیی "مرۆڤ"دا دەگەڕێن لەو چالاکییانەی کە

لگۆ ئاژەڵکانی دیکەدا هاوبەشمان هەیە، بە نموونە خواردن، سێکس.
٣- بناغەی دوو فەرمی یەکەمی نامەبوون، دووركەوتنەوەی مرۆڤکانە لە یەکتر. هێزەها مرۆڤی نامە (کرێکاری ئیستغلالکراو) لە یەکتر نامە دەبن، بەو پێیەی ناچارن لە بازاڕی کاردا کێبرکێی یەکتربکەن. دابەشبوونی کۆمەڵگە بە چینە دژبەیەکانیش جۆرێکە لە نامەبوون. لێم دەخەدا جۆری تری چەوساندنەوە گۆشە دەکات (نامەبوونی مرۆڤکانە لە یەکتر).

ئەو وێنە گشتییەی کە مارکس دەیکێشێت، بریتییە لە کۆمەڵگەیەک کە زۆرینەی هێزەهای دانیشتووان (چینی بڕەمەنجر) ملکەچی دەسەڵاتی هێزە کۆنەی "ئابووریبەکان" (بە پلەی یەکەم یاسای بەها) و دەسەڵاتی چینی سەرمایەدارین کە تێیدا کرێکاران هیچ قسەیەکیان نییە لەسەر بارودۆخی کار و بە درێژایی ئەو کاتەی ژیانیان کە وابەستەی کارن، هێنگە بەدرێژایی ئەو کاتەش لە توانایاندا نیەت پێنجە بخەنە سەر سەرچاوەی کێشەکە، لەو دامەزێنەری ئینسان. پارادۆکسەکە ئەوەیە کە سەرمایەداری لە هووی مەددیبەوە بڕەمدارترین کۆمەڵگەیە لە مێژوودا، نامەبوونی بڕەو ئاستەکی بەوێنە هێکشاندووە ئیتر لەرەو بیر داهاتووی دونیایەکی بە نامەبوون دەکرێتەوە.

زۆربایی دیارترینی کارە نامەکانە، بڕەمەنجی زیادەی کار کە بە بەها دەربەدراوە، لەلایەن خاوەن ئامرازەکانی بڕەمەهێنانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. قازانجی سەرمایەداری کە بە بەها پێناسەدەکرێت واتە ئیستغلالکردنی چینی کرێکار، پرۆسەیەک کە هێڵگ و ێیشی لە چالاکیی خە نامەکردنی بڕەمەهێنرانی ەاستەوخۆدا هەیە لە ژێر بارودۆخێکدا کە تێیدا ناچارن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن.

ئارگومێنتەکەی مارکس کاریگەریی دیکەی هەیە. هەموو بەهایەک لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا بەشدارە لە پێکهاتەی کاری ئەبستراکتدا کە کاری نامەیە. "جیهانی کاڵاکان" کە بە شێوەیەکی ماددی دەربەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداریە. چینی کرێکار بە جیهانێک دەورە دراوە کە لە دروستکردنی خێرەتی، بەڵام نە لە ژێر کۆنترۆڵیدایە و نە لە بڕژەوەندی خێدایە. ئەمە لە هێگەی ئەو شتانەی کە لە بازاڕدا دەیکڕین، بە یەکەوە گرێدراوین و پارە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەموو لایەنەکانی ژیانمان داگیر دەکات. کەمان دەکاتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا دەتە نەوانمانەوە.

ئالوگۆ

لە کایەی بەرهەمهێنانایە بەها دروست دەبێت. بەڵام زۆربای لە شێوەی قازانجی پارەدا، وەک نرخی پارە کە دەردێت بە بەهای کاڵاکان لە بواری ئاڵوگۆڕدا کەناسراوە بە بازار. لە کاتێکدا کایەی ئاڵوگۆڕکردن لە کایەی بەرهەمهێنانەوە گۆشە دەکات و بە شێوەیەکی ئۆرگانیک پێوەی بەستراوەتەوە، لە هەمانکاتدا دوو بواری جیاوازن و فۆرمی ئایدیاڵژی جیاوازی هۆشیاری دروست دەکەن.

بەرهەمهێنان شوێنی ئیستغلال و نامەبوونە. هەر لێم کایەیەی ژیانی کۆمەڵایەتیدایە کە ململانێی چینایەتی بە ڕوونیترین شێوە دەخرێتە ڕوو. سەرمایەدارەکان لە ڕێگەی خاوەندارێتی و کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە دەسەڵاتی چینایەتی خۆیان بەسەر کرێکاراندا دەسەپێنن وە کرێکاران بە پلەی جیاواز لە هۆشیاری چینایەتی ڕووبەڕوویان دەبنەوە. بە نموونە لە ڕێگەی مانگرتن، داگیرکردنی کارگە و تەنانەت بەرخۆدانی بچووکی ڕۆژانەی وەکو نانخواردن، پاراستنی هاوکاران، پشوودانی درۆژخایەن و هتد.

ئاڵوگۆڕکردن کایەی "هاوتاکان" – کاڵا جیاوازەکان، کە بەهاکانیان لە ڕێگەی یاسای بەهاوە بچووک دەکرێنەوە بە بێ جیاوازی کاتی کاری ئەبستراکت، سەرڕای جیاوازی بەهای بەکارهێنانیان، هاوتای یەکترن. کایەی ئاڵوگۆڕ، ئەو شوێنەیە کە پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی دەربڕین دەدەزنەوە. مارکس نکۆڵی لەوە نەکرد کە سەرمایەداری ئەم بنەمایانە بەرەوپێش دەبات؛ ئینکاری ئەوە بە مانای نەتوانینی ڕوونکردنەوەیەکی ماتریالیستی بە سەرهەڵدانی مۆڕوویی خۆیان پشکێش بکەن. بە پێچەوانەوە مارکس لەوە تێگەیشت کە چۆن یاسای بەها مۆیلەک (نزعة) بەرەو یەکسانی و ڕزگاربوون لە سەپاندنی نایەکسانی "نائابووری" دروست دەکات.

فۆرمانە ئایدیاڵژییە باڵادەستەکانی سەرمایەداری لە پێوەندییەکانی بازاڕەوە وەرگیراون. سەرمایەداری خۆی لەسەر بنەمای بازاڕ پێناسە دەکات و هەر لەوێشەوە کۆمەڵگە ڕێنگەڕێژ دەکات بە یاساکانی بازاڕ، واتە ئەوە لە بیر دەکات کە خۆی شێوازێکی بەرهەمهێنانە. سەرمایەدارەکان بەڵاستی پێیان وایە کە قازانجکانیان لە کایەی ئاڵوگۆڕکردندا، "دادپەروەرانە و بەغەل و غەشەوە لە ڕێگەی وەبەرهێنان و ماندووبوونی خۆیانەوە بەدەست دێت. ئەگەر ئەوان لە بواری بەرهەمهێنانی کاڵادا بن، ئەوا هەندێک هۆشیاریان هەیە بە ڕێی کرێکارەکانیان، بەڵام ئەو هۆشیاریە تا ڕادەیەکی زۆر نەرێنییە، واتە لە دیدی ئەواندا کرێکارەکانیان وەک

بەش بەمتمانە و بەزارکەری پرسەکە سەیر دەکەن. ئەوەی تێناگەن، ئەوەی بەڕاستی ناتوانن لێی تێبگەن، ئەوەیە کە چینی کرێکار تاکە بەشی زیندووەن واتە تاکە بنەمای قازانجکانیانە، چونکە قازانجیان جگە لە هێزی زیادە هیچی تر نییە.

ئامانجی سەرمایەداران لەخەیدا چەوسانەوەی چینی کرێکار نییە بەڵکو بەدواداچوونە بە قازانج. بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە زەبەندایی ئامانجکی هاوبەشی سەرانسەری ئابووری سەرمایەداریە (لەگەڵ ئەو سەرمایەیی کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بەرهەمهێنانەوە نییە)، چینی سەرمایەدار خۆی وەک چینکی چەوسێنەر نابینێت. بەڵکو وا خۆی نمایش دەکات کە چینکە لە ڕێی موجازەفە، داهێنان، "دروستکردنی هێلی کار" یان هەرشتکی تری قارەمانانەوە خۆی بنیاتناوە. ئەمە بیرکردنەوەیە بە هەمان شێوەی باوباپیرانی فیداڵی کەخەیان پێیان وابوو لەلایەن خوداوە دەستنیشانکراون، بۆیە دەکرێت ئەمە پشکۆتن بێت.

بەڵام بەرژوازی چینکی دابەشکراوە. سەرمایەدارەکان لە هەموو کەرتکدا کەبەکە لەگەڵ یەکتر دەکەن و سەرمایە – وەک پارە – دەتوانێت لە کەرتکەوە بۆ کەرتکی دیکە بگوازرێتەوە بۆ ئەوەی بەدوای هێژیەکی بەرزتری قازانجدا بگەڕێت. کەبەکی سەرمایەکان، لە چوارچێوەی دوژمنایەتی سروشتی سەرمایە بەرامبەر بە کرێکاران، هێگایەک بە سەرمایەداری دادەنێت کە قێرانناویە و چەقبەستوویی ئابووری و خەمکی دروست دەکات.

ماویەتی..

سەرچاوە:
https://www.youtube.com/watch?v=iiMtB6llgPk

مارکس و پرسی مەڵە.. ئەکرەم

سەعید

(قانوون، ئەخلاق، مەزهەب لەچاو ئەوەو کەمەک پشتداوەری بەرژوازیین کە کەک قازانج و مەسەحەتی بەرژوازی لە پشتیانەو حەشاردراوە.)- مارکس و ئەنگڵس/ مانیفێستی کەمۆنیست/ لاپەڕە ٢٣.

"مایکل ڕۆزن" پرسیارێک دەکات: ئایا مارکس هەندێکی ئەخلاقی یان تیۆرێکی ئەخلاقی هەیە؟. بۆ ئەم مایکل پرسیارە یەکێکە لە مشتومڕترین پرسەکانی مارکس. ئەم پرسش بۆیە سەختە، چونکە مارکس لایەک لەبارەی ئەخلاقەوە بەوای بە مافی نۆرمنی هەیە (مافی نۆرمنی مافی مەدەنی وسیاسی لەخۆدەگرێ: وەک ئازادی ئادڕیین، مافی ژیان، خاوەندارێتی تاکەکەسی، ئازادی ئایین، دادوەری دادپەروەرانە)، بەڵام لە دوای ساڵی ١٨٤٥ مارکس دووپاتی دەکاتەوە کە تیۆریەکەی؛ تیۆرێکی یەتەپیای یان ئەخلاقی نییە، بەڵکو "زانستێکی ئۆرمنی ئاستەقینە" یە (مافی ئۆرمنی- مافە ئابووری وکۆمەڵایەتی وکولتووریەکانە:وەک خۆراک، نیشتەجێبوون، پەروەردەی گشتی، دامەزراندن، خزمەتی تەندروستی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی)، بەڵام لایەکی دیکەوە بەشێکی زۆری ئەو زمانەی کە بە وەسفکردنی سەرمایەداری بەکاری دەهێنێت بە ئاشکرا ئیدانەکردنە (بە نموونە کە دژایەتی ستەمکاری و چەوساندنەوە دەکات). ئایا ئەمە نوێنەرایەتی ناتەبایی لە فکری مارکسدا ناکات؟ ئایا ئەمە لایەک کاتدا ئەخلاق و ڕەتکردنەوەی ئەخلاق نییە؟.
نۆرمان گیراس لە ناملکەکەیدا "مشتومڕ لەسەر مارکس و دادپەروەری" نووسیبووی:(مارکس لە کتێبی "ڕەخنە لە بەرنامەی گوتا"دا دەڵێت:"دابەشکردنی دادپەروەرانە" چییە؟ ئایا بەرژوازی بانگەشەی ئەوە ناکات کە دابەشکردنی ئێستا "دادپەروەرانەیە"؟وە ئایا لە ڕاستیدا تاکە دابەشکردنی"دادپەروەرانە"نییە لەسەر بنەمای شێوازی بەرهەمهێنانی ئێستا؟ ئایا بارودۆخی ئابووری بە چەمکی یاسایی ڕەکدەخرێت؟ ئایا بە پێچەوانەوە نییە کە پەیوەندییە یاساییەکان لە پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە سەرهەڵدەدەن؟ ئایا سۆسیالیستەکانیش بیرکەی جیاوازیان نییە سەبارەت بە دابەشکردنی "دادپەروەرانە"؟).
بۆ ئەی من ئەو پرسیارانە دروستن، بەڵام ئەوکات وەڵام وەردگرتنەوە کاتە تەواوی تیۆری مارکس لە شرۆڤەی بە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دراسە بکرێ. لەو دوو کۆپلە قسانەی سەرەوە ئاڵۆزی باسەکان و هەوەستەکان لەسەر دیاردەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا پیشان دەدات. ئاڵۆزی پرسەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی کۆمەڵگەی

سەرمایەداری خۆی، چونکە کۆمەڵگەکی هێندە وقوچ و ناکۆکی تێدایە، بۆ نموونە: هەندێک لە چمکەکان ئاوا پیشان دەدەن کە"چاکە و دادپەروەری" تەنیا سیفەتی نەرێنین، بەڵام لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا "چاکە و دادپەروەری" لە بنەڕەتدا تەنها سیفەتی نەرێنی یان ئەرێنی نین، بەڵکە لە خزمەتی پاراستن و بەردەوامی سیستەمەکەن. هەروەها "کۆمەڵگەی یەک کەلتووری یان فرە کەلتووری" هیچکامیان لە ناوەڕۆکدا باسێک نییە لە پێشکەوتووخوازی یان ئازادی و دادپەروەری، بەڵکە هەردووک هێز و سیاسەتی بەرژوەزین، وە لە خزمەتی پاراستنی سیستەمی سەرمایەدارین. بگومان پرسەکانی وەک: (ژینگە، ژنان، ئازادی ئاڕیەین، مافی کۆمایەتییەکان، مافی نەتەوە ژێردەستەکان، مافی کۆمەڵگەی میم) پرسکی سەروچینایەتی و مافی ئەبستراکت نین، بەڵکە ئەم پرسانە بەرژەوەندی سیستەمی سەرمایەداری و ئاجەندای چینی بەرژوازی لە پشتیانە.

ڕەخنەکانی مارکس لە کۆمەڵگەی بەرژوازی بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەستە بە نامەیی بوونی ئینسانەکان؛ سروشتی مرۆڤ لەناو پەیوەندیە کۆمایەتییە بەرژوازییەکاندا چەقبەستووە و شێواوە. ئەم یەکەمجار ئاوا دەگەینێت کە مرۆڤ سروشتی نییە و بە ناچاری بەدیهاتووە و تەنیا سروشتکی پەتانسێلە. مارکس سەرمایەداری بەوە لەکەدار دەکات کە ئێ لە مرۆڤکان دەگرێ لە بەدیهێنانی سروشتی مرۆیی خۆیان؛ مرۆڤکان بە ئای مارکس لە سایەی سەرمایەداریدا گۆشکردنیان وەستاوە و گرگن دەکرێن- بەوانە کتێبی (ئیدەلۆژیای ئەڵمانی).

تیۆری مارکس هەم ئەزموونییە و هەم نەرماتیڤ، کەوابە شتێک نییە لە کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداریدا ناوی(سروشتی مرۆڤی ئاستەقینە) بێ، بەڵکە سروشتی ئاستەقینەی مرۆیی بە کۆتایی پێهێنانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەبێ بەدی بهێنرێت، یانی بە کۆتایی پێهێنانی مۆڕووی درندەیی و دەستپێکردنی مۆڕووی ئاستەقینەی ئینسانی لە کۆمەڵگەی سۆسیالیسمەوە بەدواوە دەتوانرێ سروشتی مرۆڤی ئاستەقینە بناسرێ. بەم پێیە بۆتایبەتی جۆرە جەدەلێک لەسەر مافی (هاوەڵگەزخوازەکان، جێندەر) بە پشتگیری یان دژی، پەیوەندی بە مافی سروشتی مرۆڤەوە نییە، بەڵکە ئاوە بە خۆی مافێکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی بەرژوازییەوە تاوتوێ دەکرێ. مارکس لە دراسەی بە کۆمەڵگەی سەرمایەداری جێخت لەسەر کارەکتەری چینایەتی ماف و ئەخلاق دەکاتەوە، ئەخلاقی بەرژوازی؛ جێختکردنە لەسەر ڕەزگرتن لە موڵک و ماڵ، قبوڵکردنی دەسەڵات و ئازیبوون بە نایەکسانی سامان و دەسەڵات، ئەم خزمەت بە ئەرکی پاراستنی بارودۆخی زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی چینایەتی دەکات. ئەم چۆن بەدی دێت؟ بەرژوازەکان و

کۆمەڵگەی سەرمایەداری دیاوەت بە هەلومەرجی بابەتی یان هزر شەرعیەت بەو بەدات کە ئەمە/ واتە مرۆڤکان جیاوازین بەڵام یەکسانین، شوناس و حەزکان و تەنگمان جیاوازە بەڵام لەبەرامبەر یاسا یەکسانین. لێرەدا بەشوەیکی ناڕاستەخۆ نایەکسانی چینایەتی شەرعیەت وەردەگرێ، ئەمە فەرمی پاراستنی سیستەمی سەرمایەداریە.

- **خەنەکانی مارکس بەرامبەر بە "مافکان"**

خەنەکانی مارکس بەرامبەر بە"مافکان" زیاتر لە سەرنجکانی جانامەی مافکانی مرۆڤ (١٧٩١)و هاوڕاتیدا ڕوون دەبێتەوە، کە لە وتارێکیدا"لەبارەی پرسی جوولەکەکان"دا لە ساڵی ١٨٤٣نووسراوە. مارکس لەوێدا خەنەی خۆی لە بیرکەی مافکانی مرۆڤ بەگشتی دەخاتەڕوو: (ئەو مافانەی کە پێیان دەوترێت مافکانی مرۆڤ، بەسادەیی مافی ئەندامی کۆمەڵگەی مەدەنییە، واتە مافی مرۆڤی ئیگۆیست، مافی مرۆڤی گۆشەگیر لە مرۆڤکانی دیکە وکۆمەڵگە).

ناڕەزایەتی مارکس لێرەدا لەو ناڕەزایەتیانە دەچێت کە پێشتر لە کتێبی پێخەنەی فەلسەفەی مافی هیگڵدا نووسیوویەتی. ئەو مافانەی کە لە کایەی سیاسیدا دابەشانی تاکەکان لە یەکتر مسۆگەر دەکەن، کە ئەوە بە خۆی تایبەتمەندی نامەبوونی ئابووری سەرمایەداریە. سەرنجکانی مارکس لەسەر مافکان دیسانەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەم جۆرە مافانە پێشگریمانە لە "ئیگۆیزم/ ئەنانیەتی"ی ئەو تاکانە دەکەن کە ئازادییان گەرەنتی دەکرێت: ([ماف و ئازاد]ی مرۆڤ لەسەر بنەمای پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا نییە، بەڵکو لەسەر جیابوونەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ دامەزراوە.).

- **پاپۆنەری کاری چاکە و فەزیلەت**

لای مرۆڤکی خاوەن بڕوای ئایینی، پاپۆنەری کاری چاکە و فەزیلەت ترسە لە سزای خودایەک یان بە وەرگرتنی پاداشتکی ئاسمانییە، واتە گەمەی قامچی و گوزەر، بۆیە پاپۆنەرەکانی بڕواکەران تەواو خۆیستی (ئەنانیەتی) ووتە. بەڵام پاپۆنەری چاکە و فەزیلەت لای کەسکی سۆشیالیست بدیهێنان و بەرجەستەکردنی ئینسانی خودی خۆیەتی، واتە هەستکردنی بە مرۆڤایەتی خۆیەتی. لە هەردوو حاڵەتەکەدا پاپۆنەرەکان بۆتە عەقیدە و هەقوڵاوی ناخیانە، لە یەکەمیان خۆیستکی ووتە، ئەما بە دووەم مرۆڤ دەستی حەقیقەتی ووتە. چونکە کە سۆشیالیستک چاکە دەکات و گیانی

خ‌ی به‌خت ده‌کات، ئه‌و له ترسی سزای خوایه‌ک ئه‌مه ناکات و سووریش ده‌زانێ به‌هه‌شتێ له ئاسمان چاوه‌ڕێی ناکات. یانی که‌سی سۆشیالیست یاخییه‌کی ڕه‌هایه و چوارچێوه‌ی گه‌مه‌ی"قه‌مچی و گوێزه‌ر"ی تێکشکاندووه‌و لێی ده‌رباز‌بووه‌و بۆته جه‌نگاوه‌رێکی سه‌رسه‌خت بۆ حه‌قیقه‌ت. جه‌نگاوه‌رانێکی لێو چۆشنێ سیستمی سه‌رمایه‌داری لێیان ده‌ترسێ، چونکه پراگماتیزمی و دبلۆماسی و مساوه‌مه‌چی نین، و له خه‌باتیان دژی سیستمه‌که به که‌متر له ڕاندنی و له‌ناوبردنی قایل نابن.
وتمان پاڵنه‌ری ئه‌خلاقی نوخبێ و کۆسانی هۆشیاری سۆسیالیستی (ڕزگارکردنی چینی کرێکارانێ له چۆوساوه‌ی سه‌رمایه‌داری و دیفاعکردنێ له چۆوساوه‌کان و ڕزگارکردنی ئینسانێکانێ له چۆوسانه‌وه)، "بڕگری له مافی ئینسانێ بۆشوراوه‌کان و وستانه‌وه دژی چۆوسانه‌وه‌ی ئینسان" پرنسیپێکی مۆزنی ئه‌خلاقی سۆسیالیستێکانه، ئه‌ما پاڵنه‌ری ئه‌خلاقی چینی کرێکاران له‌سه‌رێتادا تێنها(داواکاری ئابووری ووتێ/ مافی ئه‌رێنی ئابووریێ)، چونکه چینی کرێکاران تا ئه‌و کاتی هۆشتا سۆسیالیست نین؛ واتێ هۆشیارو ڕێکخراو نێکراون، تێنها بیر له مافێ ئابووریێکانی خ‌ی دێکاتێوه، یانی پاڵنه‌رێکی ئه‌ڤانی/ خ‌ویستی هۆیێ وێک: داواکاری زیادکردنی کرێ یان باشترکردنی ژینگه‌ی کارو کاتی کار.
بۆیێ کاتێ ئه‌حزابێکان بانگه‌وازی چینی کرێکاران دێکه‌ن بۆ دیفاکردن له (مافێ نه‌ڕێنیێکانی گروپێکانی کۆمه‌ڵگه/ کۆ بگومان مافێ لیبڕاڵێکانن) ئه‌وێ تێنها لایه‌نگرانی وێک ئه‌فراد له چینی کرێکارانێوه بۆ دنگیانێوه دچێ نێک کرێکاران وێک چینێک. له‌ڕوه چێپێکانیش ناچار دبن بۆ پرس و مافێ نه‌ڕێنیێکان وێک پێپاڵیست ووبکه‌نێ (خێک، جماوه‌ر) بگشتی. کۆواتێ بانگه‌وازێکێ بۆم جۆرێ لێدێ:(خێکینێ وه‌رن با هێواسراوی سیاسی کوردستان چاره‌سه‌رکه‌ین. جماوه‌ری پشکۆتوخواز وه‌رن با دوێتی سیکولار دامه‌زرێنین. جماوه‌ری ئازادیخواز با دیفاع له: مافی ژنان، کۆمه‌ڵگه‌ی میم، ئازادی ئادڕبین وهشنبیران،، هتد، بکه‌ین.). کێ سۆسیالیستێکان و چینی کرێکاران توانیان خ‌باتیان بۆ(مافێ نه‌ڕێنی و مافێ ئه‌ڕێنیێکان بۆ دڕبڕینێکی چێتر: مافێ مێدنییێکان و مافێ ئابووریێکان) بۆیێکێوێ ببه‌ستنه‌وه، بۆمه‌رجێ ئه‌و خ‌باتێ له خزمه‌ت ئامانجی کۆتایی پێهێنانی پێکهاتی ئابووری و سیاسی سه‌رمایه‌داری بۆ، ئه‌وکات دێتوانین بڵێن بزووتنه‌وه‌ی سۆسیالیستی و بزووتنه‌وه‌ی چینی کرێکاران پێوێست بوون بۆ

یەکترو بوونەتە یەک بزووتنەوەی مێژووی مەزن بۆ ئامانجی دامەزراندنی پەکهاتی ئابووری و سیاسی سۆسیالیستی، دەنا بۆ ئەو پێویستگرتنە بە یەکتر و بە فەرامۆشکردنی ئەو مەرجەی خەباتی سەروە، ئیدی ئەو تەنها وەهم و خەفریودانە، و بزووتنەوەی جەراوجێری بەرژوازییە بۆناوی سۆسیالیستی و چینی کرێکارانەوە.

سوود لێم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١/ نەرمان گەراس: مشتومە لەسەر مارکس و دادپەروەری.
٢ / ئی . پرێبراژێنسکی: ئەخلاق و نەرمکانی چینایەتی.
٣/ مایکل ڤەزن: ڤەخنەی مارکسیستی لە ئەخلاق و تیۆری ئایدیۆژیا.

هەبژاردنی سەرکایەتی کۆمار، لە نێوان ڕاستیی قودرەتی سیاسی و ڕووداوە شانۆیەکانـــــــدا.. جوتیار مەلا ڤەئوف

هەبژاردنی سەرۆک کۆماری عێراق نەک هەر وەک پرۆسەیەکی دەستووری، بەڵکو وەک دەربڕینی دینامیکی دەسەڵاتی سیاسی زۆر قووڵتر لە عێراقدا پێویستە بێندرێت، لە ڕوکەشدا ئەو هەبژاردنە کۆبکەیەکی دیموکراسییە لە نێوان کاندیدەکان و کوتلە سیاسییەکان، بەڵام کاتێک مرۆڤ بەدواداچوون بە واقیعە سیاسییەکانی پشت پەردە دەکات، وێنەیەکی جیاواز خۆی نیشان دەدات، کە ئەو وێنەیش بە شیوەیەکی گشتی زۆربەی بەیارو هەنگاوە سیاسیەکان دەگرێتەوە کە بە شکڵکی ڕاستەقینە لە پەرلەماندا نادرێن، بەڵکو زۆر پێشوەختە لەڕگەی هێزکەوتنە سیاسییەکان و هاوپەیمانییە ناوچەییەکان و لە ژێر سێبەری هەڵی بەرژەوەندی ستراتیژیی بلۆکبەندیەکاندا ئامادە دەکرێن.
پرسی سەرکایەتی کۆمار ساڵانێکە بە نزیکی پێوەستە بە پێوەندی نێوان پارتی و یەکێتییەوە، هەردوو حزب نەک هەر نوێنرایەتی

بەرژەوەندی سیاسی جیاواز لە ناوخۆی کوردستاندا دەکەن، بەڵکو پەیوەندی جیاوازیان لەگەڵ ناوەندە سەرکیەکانی دەسەڵات لە بەغدا و ناوچەکە و لە ئاستی هەرمایەتی و نوودوێتیدا هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە کە هەبژاردنی سەرکایەتی لە عیراق هەرگیز تەنها بابەتی هەبژاردنی سەرۆکێک نیە، بەڵکو هەنگدانەوەی ململانێ ونەزمی سیاسی فراوانتری ئەو وڵاتیە.

ئەگەر وردبینانەتر سەیر بکەین ، یەکەتی بە شەویەکی نەریتی لەسەر ئەو پرسە زیاتر خۆی لەگەڵ ئەو کەمپە سیاسییەدا هەڵکخستووە کە پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ هەزبە شیعەکان و بە ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کایەی نفوزی ئێراندا دەپارێزێت، لە بەرامبەردا پارتی زەرجار پەیوەستە بە ژینگەیەکی سیاسی جیاوازترەوە، لەگەڵ هەزگڵەک کە زیاتر هاوتەریبن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا هاوکاری هاوپەیمانانی سوننە دەکەن، ئەو پەلەنکردنە بگومان لەکدانەوەیەکی سیاسییە نەک هاستیەکی هەها، بەڵام یارمەتیدەرە بە ئەوەی بڕچی پرسی سەرکایەتی کەمار لە عیراقدا ئەوەندە کاریگەری هاوپەیمانییە سەرتاسەرییەکانی لەسەرە.

ئەگەر مرۆڤ ئەو واقیعە بە جددی وەربگرێت، ئەوا زەرجار دەنگدان لە پەرلەمانی عیراق وەک کەبەکێیەکی سیاسی کراوە دەرناکەوێت، بەڵکو وەک قەناغی فەرمی کۆتایی پەسەیەک دەردەکەوێت کە دەرئەنجامەکەی، لە زەر حاڵەتدا، تا ادەیەکی زەر پێشوەختە دیاری کراوە، ئەستەم بیهەنینە پێش چاو کە هەزە شیعەکان و ئێران ئەو پگەیە بدەن بە کاندیدەک کە لە هووی سیاسییەوە پەیوەندی بە بڵەکەکەوە هەیە کە لە نەو نەزمی ستراتیژی خۆیاندا جێی نابێتەوە.

بەڵای من ئەوە جەوهەری کێشەکەیە، پەرلەمان دەنگ دەدات، بەڵام بەیاری سیاسی پێشتر لە شوێنکی تردا دراوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە هەموو دەنگدانێک بە مانایە، بەڵام بەو مانایەیە کە کایەی گشتی و دابەشکردنی ئاستەقینەی دەسەڵات هەمیشە هاوتەریب نین، لەو ڕوانگەیەوە پرسە سیاسی لە ناو پەرلەمانی عیراقدا وەک ئەدای دیموکراسی دەرناکەوێت، چونکە بەردەوام هەککەوتنی سیاسی ئاستەقینە پێشتر لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەنجامدراون.

من پێم وایە کاندیدکردنی هەر کەسێک لەلایەن پارتیەوە بە سەرەک کەمار تەنیا کات کوشتنو کات بەفیڕدانە، وە هەروەها یاریەکی دوبارەبوەو هەراسانکەرە بە خودی کەسی کاندیدکراویش، کە تەنها خودی کاندیدکەش درک بەو ئاستیە دەکات کە چانسێکی سنووردارە هەیە بە ئەو پێستە، تەنانەت ئەگەر بە فەرمی بچێتە ناو کەبەکە و لە هووی سیاسیشەوە شەرعی بێت، هاوتەریبیش هیچ پەیوەندی بە هەزو قودرەتی سیاسی یەکیەتی و کاندیدکەیەوە نییە کە هەبژەردراوە بە

سەرۆک کۆمار، بەڵکو لەبەر ئەوەی هاوسەنگی هێزی شیعی عێراقی و هێژمونی سیاسی ئێرانی ئەو دەخوازێت.
لە سیستەمێکی وەک عێراقدا کە لەسەر بنەمای تەوافوق و کەتا و هاوسەنگی تائیفی و کاریگەری دەرەکی دامەزراوە، گرنگ تەنها ژمارەی دەنگەکان و نفوزی کەمڵایەتی وجەماوەری نییە هەرحیزب و کەسێک هەیبەت، بەڵکو گرنگترین شت ئەوەیە لە سەرووی هەموویانەوە کام کاندیدی کام حیزب لە کام بلۆکبەندی و ئاراستەی سیاسی جێی گرتووە.
بۆیە من بە چەواشەکاری دەزانم هەڵبژاردنی سەرکایەتی تەنها وەک کەبەکەیەکی ناو ئەحزابی کوردی یاخود لە لە نێوان پارتی و یەکێتی وەسف بکرێت، لە واقیعدا ئەو شتە بەشێکە لە ململانێیەکی زۆر گەورەتر لەسەر ئاراستەی داهاتووی عێراق، ئایا پێویستە ئەو وەاتە بە پتەوتر لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا بمێنێتەوە کە ناوەندی شیعە و نفوزی ئێران زاڵ بێت؟ یان پێویستە زیاتر بەرەو هاوسەنگیەکی جیاوازی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەنگاو بنێت کە تێیدا هاوبەشە سوننە و هەژئاواییەکان کاریگەرییان هەبێت؟ حیزبە کوردییەکان لە دەرەوەی ئەو ململانێیە نین؛ بەڵکو ئەوان داینامیکی سەرەکین لە ناو دەی ئەو ململانێیەدا.
لە هەمان کاتدا زۆر سادەییە ئاگەر لایەنێک وەک براوە و لایەنەکەی تر وەک دۆڕاو وەنا بکرێت، هەرکام لەو حیزبانە بە پێی لۆژیکی ستراتژیکی خۆیان کاردەکەن، هەنگێ یەکێتی نزیکیی خۆی لە هەندێک هێز وەک پێویستیەکی ئاستەقینەی سیاسی بە دەستبەرکردنی کاریگەری لە بەغدا ببینێت، لە بەرامبەردا هەنگێ پارتی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی دیکە وەک پشمەرجێک بە هاوسەنگی سیاسی و سەربەخۆیی ئابووری زیاتر بە هەرێمی کوردستان سەیر بکات، هەردوو لێکدانەوەکەش لەوانەیە عەقڵانیەتێکی سیاسی خۆی هەبێت، بەو هەکارە من پێم وایە نابێ مشتومڕو دیبەیتەکان لە میدیای کوردیدا تەنیا لە ژێر گاریگەری هەڵەی سەزداری حزبە کوردیەکاندا بەڕێوە بچێت.
پرسیارە ئاسەکە تەنها ئەوە نییە کە کێ دەبێتە سەرۆک کۆمار، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو هەڵبژاردنە بە سەرۆککۆمار چی لەبارەی پێگەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراقدا ئاشکرا دەکات؟، ئاگەر ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیەی ئێستای لەلایەن هێزە کوردیەکانەوە بەرخوردی لەگەڵ بکرێت، نەک هەر پێگەی کوردستان لە بەغدا لاواز دەکات، بەڵکو ئاسانکاری بە هێزەکانی دیکەش دەکات کە دابەشبوونی سیاسی حیزبە کوردیەکان بە بەرژەوەندی خۆیان وەکو فرسەتی سیاسی ببینن.
بۆیە من پێموایە هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆمار لە عێراق دەبێت کۆمتر وەک گواستنەوەی دەسەاتی ئازاد و زیاتر وەک پرۆسەیەکی

سیاسی کۆنتڕۆڵکراو لە چوارچێوەی سنووردکی ووون و دیاریکراودا تێبگەین، کە ئەو سنوورانەش لە لایەن بەهێزترین هێزە سیاسییە شیعەکان و و ناوەندەکانی نفوزی ناوچەییەوە دیاری دەکرێن، تا ئەو ستکراکتەرە سیاسیەی کە ئیستا لە عێراقدا هەیە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە وەک ئەوەی کە خۆیان پێویستیان پێیەتی.
لە کۆتاییدا ئەو هەڵبژاردنە بە سەرێک کەمار شتێک لە سەرووی هەموو شتێکەوە نیشان دەدات، لە عێراقدا فەرمانگە باڵاکانی دەوڵەت تەنیا پێستی دەستووری نین، بەڵکو خاڵی سەرەکیی سیاسەتی دەسەڵاتی ناوچەیی و ناوخۆییشن، هەڵبژاردنی سەرەک کەمار تەنها بە دیبەیتی گشتی یان زەرینەی پەرلەمانی دیاری ناکرێ، بەڵکو بە یاریکردنی هاوپەیمانی و ڤیتۆ و بەمتمانەیی و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان دیاری دەکرێت، بۆیە پێویستە هیچیتر ئەو هەڵبژاردنە وەک سوپرایزێکی ئاستەقینە نەبینین، بەڵکو تەنها وەک ئاگەیاندنی فەرمی بۆیارێک ببینین کە لە ووی سیاسییەوە لەمێژە دیاری کراوە.
ئەوەی باڵای منەوە گرینگە بگوترێت ئەوەیە ، تا ئەوکاتەی سیاسەتی عێراق لەسەر بنەمای ئەو جۆرە هاوسەنگییە پشوختە دیاریکراوانەی هەز دامەزرابێت، فەرمی دیموکراسی لەو وڵاتەدا لە گاڵتەجاڕی زیاتر بەولاوە شتێکیترنابێت، نەوەک هەرئەوەش، بەڵکو هەڵبژاردنی سەرکایەتی نەک وەک کۆبەکێیکی کراوە، بەڵکو وەک پشتڕاستکردنەوەیەکی سیمبۆلیکی بە بریارێکی سیاسی (پێشدانوستانکراودا) دەردەکەوێت.

جوتیار مەلا ڕەئوف

شارستانییەتی زانیاری.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(تێکنەلۆژیا، بە داتاکردنی ژیانی مرۆڤ لەپێناو قازانجدا)

لە دوای شارستانییەتی کشتوکاڵی (هێزی خاک) و شارستانییەتی پیشەسازی (کارخانە و بارهەمهێنان)… مرۆڤ کەوتە نێو کۆمەڵ

گەانکاریی بەردەوام و گەورەی تەکنەلەژیا، زیرەکیی دەستکرد و تەە دیجیتاییەکانەوە، هەموو ئەو ئامرازانە تەنها ژیانیان نەگەی، بەکە شەوازی بیرکردنەوە و تەگەیشتنیان لە لەبارەی ناسنامەی مرۆڤ و جیهانیش گەی؛ بەدیوەکی دیکە سیستمی دیجیتاڵی بە هەکردنی ئەای کەمەگای زانیاری یان (شارستانییەتی زانیاری) و لەەگای پەست هیومانیزم و بیرەکەی سایبەرگەوە، توانی بیرەکەی (مرۆڤ وەك ناوەندی بوون) تەکبشکێنە و پەمان بەەت ئەمە چووینە قەناغەك كە تەیدا زیرەکیی دەستکرد، هەندەك لە (توانا فکرییەکانمان) لە ئەستە دەگرەت و تەە دیجیتاییەکان بە شەوەی تەەکی شل و بە سنوور ژیانمان بەەوە دەبات.
لە کەمەگای زانیارییەدا پەیوەندییەکان زۆر خەرا دەگەەن، ناسنامە، زانیاری و پەیوەندییە کەمەایەتییەکان لە گەانی بەردەوامدان، بە نموونە: تەندەکانی میدیای کەمەایەتی زوو دروست دەبن و زوو دەفەوتێن، ناسنامەی دیجیتاڵی مرۆڤ بەردەوام دەگەەت… زانیارییەکان بە خەرایی بەاو دەبنەوە بە ئەوەی جێگای بیرکردنەوەی قووە و فکریی بن، چونکە زەرجار ئامانج کەشکردنی سەرنجەکانە، نەك بیرکردنەوەی قووە… تەکنەلەژیا دەتوانەت شەوەی دەسەات و کەمەگا بگەەت.
بیرمەندی فەمینیسمی ئەمریکی (شوشانا زوبۆف Shoshana Zuboff-لەدایکبووی 1951) پەیوایە لە سەردەمی تەکنەلەژیادا مرۆڤ دەبەتە ماددەی خاو بە سیستەمی دیجیتاڵی، چونکە سیستەمی نوێی ئابووری کەمپانیا دیجیتاییەکان بەەوەی دەبەن، تەواوی ژیانی مرۆڤ بە داتا دەگەەن و داتاکان دەکەنە کاەای بازاڕی… بەو مانایە کەمپانیاکان لەلایەك دەبەن بە دەسەاتەکی شاراوەی زانیاری و لەلایەکی دیکە زانیاری و داتاکان دەکەنە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بنەماکانی پەیوەندیی و حەز و بازاڕ… بەکورتی سیستەمی ئابووری دیجیتاڵی لەسەر چاودێری و کەکردنەوەی داتاکانی ژیانی مرۆڤ بە قازانجی بازرگانی دامەزراوە.
لە تەی گەورەی ژیان، سروشت و تەکنەلەژیا دەتە ئاراوە و لە تەی پەیوەندییە دیجیتاییەکان، کەمەگای زانیاری دادەمەزرەت؛ لەرە لە کەمەگای شارستانی جگە لەوەی مرۆڤ لەو تەگەیشتنە کۆنەی ناوەندی بوون و بوونەکی تەنیا و سەربەخۆ و جیاواز ەزگاری دەبەت… وەك بەشەك لە تەەکی گەورەی بوونەوەرەکان: ئاژەە، سروشت و تەکنەلەژیا و بە شەوەیەکی تەکەە، پەیوەندیەدار خۆی وەك بوونەوەرە بەهەزکراوەکان دەبینەتەوە! بەمجەرە لە کەمەگای زانیاریدا مرۆڤ دەبەت بە بەشەك لە سیستەمەکی گەورەی ژیان و تەکنەلەژیا، نەك سەرکردە تایبەتمەندە بایەلەژیی و ئەنتەلەژیەکەی جیهان!.

دواجار مرۆڤ وەک بوونەکی تەکنەلۆژیا، دەبەتە بەشێک لە سیستەمەکی ئەلگۆریتم (Algorithm)ی و ئەلگۆریتم وەک پلانی کارکردن دەبێت بۆ هەزمکی شاراوەی هەکخستنی ژیان، دەبێت بە ئامرازی دەستات و چاودێری شارستانییەتی زانیاری دەکات و هەنگاو بە هەنگاو کۆشکان چارێ دەکات و زانیارییەکان شیدەکاتەوە.

سەنسەر و ئارەزوو

تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی هەر تەنها ژیان بەرەو نابات، بەکەڵگای ئامرازە هەستیارەکانەوە (سەنسەر-Sensor) وەو ئارەزووکانی مرۆڤیش بەرەو دەبات، چونکە ئامرازە هەستیارەکان زانیاری لەبارەی هەڵسوکەوتکانی مرۆڤیش کۆدەکەنەوە، بە نموونە: مۆبایل و ساعاتی زیرەک داتای جەستەی مرۆڤ کۆدەکەنەوە، ئەپەکان شەوازی بەکارهێنان و هەڵبژاردنەکان دەناسنن، سەنسەرەکان لە شوێنە گشتییەکاندا جووڵە و هەڵسوکەوتی خەڵک دەبینن...

بەمجۆرە سەنسەر وەک هەستەکانی مرۆڤ وایە بۆ ئامرازەکان؛ واتە وەک چۆن مرۆڤ بە چاو و گوێ هەست بە دەوروبەر دەکات، ئامرازی سەنسەریش تەواوی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان یان شتەکانی دەوروبەر هەست پێدەکات و زانیارییانەکان بە سیگناڵێکی ئەلیکترۆنی یان داتا دەگۆڕێت، کە سیستەمەکی وەک کۆمپیوتەر یان ئامرازێکی تری ئەلیکترۆنی دەتوانێت تێبگات! هەموو جۆرە جیاوازەکانی سەنسەر (سەنسەری گەرما هەست بە گەرمی دەکات، سەنسەری ڕووناکی– هادەی ڕووناکی دەپێوێت، سەنسەری جووڵەی- جووڵەی کەس یان شت دەناسێت، سەنسەری پاڵپەستەی هەوا– فشاری هەوا دەپێوێت، سەنسەری دەنگ...) لەنێو مۆبایل و تەلەفۆنە زیرەکەکان، ئەتەمبێل، کامێرای چاودێری، ئامێرە زیرەکەکانی ماڵ و ئینتەرنێتەوە زانیارییەکان لە دەوروبەر وەردەگرێت و وەک داتا بە سیستەمە ئەلیکترۆنییەکانی دەبەخشێت و لە تەنها کۆمپانیاتییەکانیشدا ئەلگۆریتمەکان وەک هەزمکی شاراوە هەنگاو بە شیکردنەوەی زانیارییەکان و جێبەجێکردنیان دەنێن.

کەواتە سەنسەر ئامرازێکە بۆ هەستکردن بە دەوروبەر، بە دیوەکەی دیکە زانیاری سەنسەرەکان کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و ئارەزووی مرۆڤیش دادەنێن، ئەگەرچی ناتوانن بەتەواوی ئارەزووە ئامرازەکانی مرۆڤ شیبکەنەوە! لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا تەکنەلۆژی لە خزمەت ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤ، یان مرۆڤ مافی تەکنەلۆژیایە؟!

بەگومان لە سەردەمی ئەمڕۆدا سیستمی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بەشێکی بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێ، چونکە ئەمڕۆ ژیان لە ناو تۆڕی زانیاری و پەیوەندیی بەردەوامدا دەگوزەرێت و مرۆڤ دەتوانێت

زانیاری زۆر بەدەستبەێنێت و بەخێرایی بڕیارەکانی ژیانی بدات؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییانەی کە مرۆڤی دەبەخشێت، کەچی مرۆڤ ماندوو و هەراسانە و کەمترین کاتی بە بیرکردنەوەی قووڵ و ئارامی و حەسانەوە هەیە! بەیەک زۆر لە فیلەسوفان پێیانوایە کە مرۆڤ دەبێت تواناکانی بیرکردنەوەی بەخێرایی خۆی بپارێزێت، بە ئەوەی لە ناو ئەم گەنجینانەی زانیاریی دیجیتاڵانەدا خۆی نەدۆڕێنێت؛ کەواتە بەڵام وەبیرهێنانەوەی زانیاری زیادەی سەردەمی دیجیتاڵدا پێویستی بە تێگەیشتنێکی نوێ هەیە کە تێیدا مرۆڤ بتوانێت لەنێوان سوودەکانی تەکنەلۆژیا و پاراستنی ئازادی و هۆشیاری فکریی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت.

سەرمایەداریی چاودێری

چەمکی سەرمایەداری چاودێری لەلایەن (شوشانا زوبۆف)ەوە داهێزراوە؛ بەو مانایەی کە زیان دەکاتە کەرەستەی خاو لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خەیدا، بەڵام نەک تەنها وەک مەدەلێکی بازرگانی، بەڵکە وەک فۆرمێکی بنەڕەتی دەسەڵات، کە زۆبۆف ناوی دەنێت (دەسەڵاتی ئامرازی)، دەسەڵاتێک کە لەڕێگای کەرتەوەی (زیادەی هەفتاری) و گۆڕینی بە (بەرهەمی پێشبینیکراو)ەوە کار دەکات و ئامانجی تەنها پێشبینیکردنی هەفتاری مرۆڤ نییە، بەڵکە دەستکاریکردن و ئاڕاستەکردنیەتی لەپێناو قازانجدا… بەوانە سایتی ژنەفتن- سەرمایەداریی چاودێری- شیکردنەوەیەکە بە لێژیکی نوێی دەسەڵات لەسەر بنەمای تێزەکانی -شوشانا زوبۆف، نووسینی د. کامەران محەمەد، 12ی ئەیلول، 2025.

لە سەردەمی دیجیتاڵدا زۆرێک لە پلاتفۆرمەکان و کۆمپانیاکانی وەک: گووگڵ، فەیسبووک و ئەمازۆن، داتای بەکارهێنەران (وەک گەشتان، کلیک، شوێن، کڕین، لایکـ) کەدەکەنەوە و بەهەی ئەلگۆریتمەکانەوە لەکەمپینەوەی لەبارەوە دەکەن و لەوەوە پێشبینی هەڵسوکەوتی داهاتووی مرۆڤ دەکەن… لەو بارەوە (زوبۆف)ی بیرمەند پێیوایە کۆمپانیاکان تەنیا هەڵسوکەوتی مرۆڤ پێشبینی ناکەن، بەڵکە هەوڵدەدەن هەڵسوکەوتی مرۆڤ بگۆڕن بە ئەوەی قازانجیان زیاتر بێت.

بە هەمان شێوە یەکێك لە بیرمەندە گرنگەکانی بواری فەلسەفەی زانست و فەلسەفەی پێست هیومانیزم، فەمینیسم (دۆنا ژان هاراوای-Donna J. Haraway- لەدایکبووی ئەمریکا 1944) دەڵێت: مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا تەنیا بوونەکی سرووشتی نییە؛ بەڵکە تەکنۆلۆژیەکە لەنێوان مرۆڤ، ماشین و داتادا، ئەوەش واتای (سایبۆرگ) دەگەیەنێت؛ لە بیرکەی سایبۆرگدا مرۆڤ نیمچە- مرۆڤ و نیمچە- تەکنەلۆژیایە… بەو مانایە (دۆنا هاراوای) لە تێڕوانگەیەدا چەمکەکانی جەوهەرگرایی

تەکنەلۆژیا و لەبری ئەوە تەکنەبوونی ئاژەڵ و ئامێر پێشنیار دەکات و پێیوایە چیدی سنووری کانی مرۆڤ و ماشێن و تەکنەلۆژیا جیا ناکرێتەوە؛ واتە مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕەها سایبۆرگێکی دیجیتاڵییە.
بڕوانە: إبستمولوجيا السايبورج عند دانا هاراواى: دراسة في فلسفة العلم النسوية- وائل أحمد صبره و محمد سليم حفني- مجلة كلية الاداب بقنا العدد 60 يوليو 2023.
کۆمپانیا ئەو خزمەتگوزارییانەی لە پلاتفۆرمەکانی گووگڵ، فەیسبووک و ئەمازۆن، کە زۆربەیان (بە بڕانبەر) پێشکێش دەکرێن، لەسەر بنەمای لێژیکێکی ئابووریی شاراوە کار دەکەن، کە کاریگەریی قووڵیان لەسەر تاک و ئازادییەکان و کەمەگادا هەیە، بەو مانایەش سەرمایەداریی چاودێری بەقسەی شوشانا زۆبۆف (لێژیکێک کە تەکنەلۆژیا بەکار دەهێنێت و فەرمانی پێ دەکات)، نێک خودی تەکنەلۆژیا بێت! ئەمە خاڵێکی سەرەکییە، چونکە کۆمپانیاکانی چاودێری دەیانەوێت وامان لێبکەن باوەڕ بکەین، کە کارەکانیان حەتمییەتی تەکنەلۆژیاکەن؛ بەڵام نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (حەتمییەتی تەکنەلۆژیایی بوونی نییە) و تەکنەلۆژیا هەمیشە ئامرازێکی ئابووریی و لە لایەن ئامانجە ئابووریی‌کانەوە ئاراستە دەکرێت.
بە کورتی ئۆگەر سەرمایەداریی کلاسیکی کاری لەسەر بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری کردبێ، ئەوە سەرمایەداریی چاودێری لەسەر بنەمای گەینی داتای کەسی بە کاڵا دامەزراوە؛ بەیە تاکەکان تەنها وەک بەکاربەر سەیر ناکات، بەڵکە وەک سەرچاوەی داتا دەیانبینێت، کە تێیدا وردترین زانیارییەکانی ژیانیان بە سەرچاوەیەکی قازانجبەخش بە کۆمپانیا زۆبەلاحەکان دەگەڕدرێت. بڕوانە: ه.س.پ.

ئەلگۆریتم و ئارەزوو

سیستمی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بەهۆی ئەلگۆریتمەوە، هەوەڵدەدات بزانێت تا چەند لە چیێ، چی دەکەیت، چ کاتێ... پاشان هەموو ئەم حەز و ئارەزووانە بە یەکلاەکانی زیاد دکات و بازاڕەکان دەستنیشان دەکات... بەمجۆرە هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەبێتە سەرچاوەی داتا بۆ قازانجی بازاڕ و بازاڕکردن، حەز و ئارەزوو کەسیەکان دەبنە سەرچاوەی دەرهێنان، لەبڕانبەردا ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکانی مرۆڤ دەبنە زیانی لاوەکی.
پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا ناچارین زیانمان ڕادەست بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەشداری لە کەمپەگای مەدەرندا بکەین؟! هەڵبەتە، چونکە ئەمە مرۆڤ وەک کەرەستەی خاو (کردارەکان، هەستەکان، پەیوەندییەکان، جووڵە و چالاکییەکانی ئۆنلاین)ن! بەمجۆرە سیستمی


تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لەڕگای پلانی کارکردنی ئەلگۆریتمەکانییەوە بە شێوەیەکی نیمچە نابینراو و ناکۆکراو کار بۆ گۆیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو دەکات، ئەمەش وا لە بەکارهێنەرانی دەکات هەست بە ئارامییەکی درۆزنانە بکەن، بە ئەوەی ئاگاداری ئەو ئاستە بەرفراوانەی چاودێری بن، کە بە شێوەیەکی نەرم بەڕێوەیان دەبات! ئەو میکانیزمە نەرمە وا دەکات هەڵفتاری تاکەکان زۆر بە ئاسانی بەهەی ئەلگۆریتمەوە پێشبینی بکرێت و ببێتە سەرچاوەی قازانجی گەورە بۆ کۆمپانیاکان.
ئارەزووکانی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزن، واتە نە تەواو هوونن و نە بە ئاسانی پێشبینی دەکرێن و نە بە تەواوی دژەردەن… بەڵام لە تەکنەلۆژیا کۆمپانیاکاندا ئەلگۆریتمەکان بەردەوام هەوڵدەدەن ئەو هەموو ئاڵۆزییە بە داتا بگۆڕن، جگە لەوە لە سەردەمی سەرمایەداری سەرچاوەی قازانجی گەورە بۆ کۆمپانیاکان.
ئارەزووکانی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزن، واتە نە تەواو هوونن و نە بە ئاسانی پێشبینی دەکرێن و نە بە تەواوی دژەردەن… بەڵام لە تەکنەلۆژیا کۆمپانیاکاندا ئەلگۆریتمەکان بەردەوام هەوڵدەدەن ئەو هەموو ئاڵۆزییە بە داتا بگۆڕن، جگە لەوە لە سەردەمی سەرمایەداری میدیا، ئەلگۆریتم تەنیا ئارەزوو نابینێت، بەڵکە هەندە جار دروستی دەکاتەوە، بە نموونە: دوگمەی (لایک Like) لە فەیسبووکدا نموونەی ئامرازی کۆکردنەوەی داتایە، کە لە ڕاستیدا بە زیان دەردەکەوێت! بەڵام ئەم دوگمەیە لە ڕاستیدا یارمەتیی فەیسبووک دەدات بە شیکردنەوەی ئارەزوو، هەست و کارلێکەکانی بەکارهێنەران، کە دەبێتە هەی دروستکردنی بنکەی داتای زۆبەڵاح و بەکارهێنانی بە پێشبینیکردنی ڕیکلامی ئاڕاستەکراو و تایبەت و ئاڕاستەکردنی مرۆڤ بە بازاڕیکردن… بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ ئارەزووی ئاڵۆز و ناپێشبینیکراو دەمێنێتەوە.
15/3/2026 هەولێر

پرۆژەیەکی نوێی گەلاڕی ئارام و د. ئازاد حەمە

سیمناری یەکەم:

دەرمانخانەی فەلسەفە..
شەممە\ ١٨ی نیسان
کاتژمێر: ٦ی ئێوارە

شوێن:
عەقاری دووکۆڵان خوار ئەمنە سورەکە..



وەای مەترسییەکانی جەنگ , یادی 38 ساڵەی تاوانی ئەنفال بەرز راگیرا ..

وەك ساڵانی رابردوو لە یادی 38 ساڵەی تاوانی ئەنفال , لە سەربازگەی تەبزاوە, هەڵەبجە, چەمچەماڵ , سلێمانی, شارە دێی حەسار ئەمڕۆ 14-4 یادی قربانیانی ئەنفال بەرز راگیرا و کەمپەینێك داواکاری خرایە روو , هەروەها بەیار وایە رۆژی پێنج شەمە لە یادی 39 ساڵەی تاوانی کیمیابارانی گوندی بالیسان و شێخ وەسانان و 38 ساڵەی تاوانی ئەنفال , ڕەکخراوە تایبەتمەندەکانی پرسی جینۆساید و دژ بە چەك چالاکی بەڕێوە بچێت .
لە چالاکییەکان ئەم دوو بەیاننامەیە لە لایەن کەسوکاری قوربانیانو و چالاکوانانەوە خوێنرایەوە :

لە یادی 38 ساڵەی تاوانی ئەنفال

38 ساڵ لەمەوپێش, رژێمی بەعس یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی سەدەی بیستەمی بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامدا بەناوی ئەنفال, کە لە ماوەی 8 ساڵدا 4 تاوانی جینۆسایدی بەرامبەر بە گەلەکەمان پیادە کرد" کەمپەکوژی فەیلی , بارزانی, کیمیابارانی هەڵەبجە و تاوانی ئەنفال", ئەنفال گەورەترین و بەرفراوانترین پرسیان بوو.
بە داخەوە ساڵ لە دوای ساڵ داواکارییەکانمان دووبارە دەبنەوە, وەعدو بەڵێنەکان دەسەڵاتداران ئەنجامیان نابێت, لە کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی قوربانی و خەباتی ئەمە بوو, کەچی بووە حکومەتی لایەنگری تاوانبارانی جینۆسایدو و ئەنفالچییەکان, بە ئەمساڵ لیستی داواکارییەکانمان دەخەینەروو بریتین لە :
1- دادگاییکردنی تەمەتبارانی ئەنفال, کە لە ڕەکەوتی 20-5-2007 وە بەیاری دەستگیرکردن و دادگاییکردنی بەشکیان دەرچووە لە لایەن دادگای باڵای تاوانکارەوە ناوکانیان دیاریکراوە, داواکارین ناوکانیان پاش هەمووارکردنەوە و ڕەکخستنەوەی لیستەکە بدرێتە پەلیستی ئینتەرپول و دامودەزگاکانی کوردستان وەك تاوانبار بیان ناسن و حیزبەکان بە تایبەت دەسەڵاتداران لە ریزەکانیان دەریان

بکەن و ئەستۆ پاکی خۆیان دەربڕن لە بوونی تاوانبارانی جینۆساید لە ریزەکانیان.
2- پێلەپکردنەوەی رووداتی قوربانیانی ئەنفال و بەرفراوانکردنی پرسەکانی شیکاری لە زووترین کاتدا بە ناسینەوەیان.
3- حکومەتی عێراق داوای لێبوردن لە قوربانیانی جینۆساید بکات بە گشتی بە تایبەت قوربانیانی ئەنفال, ئەمەش ئەرکی سەرشانی کۆماری عێراقە, بە داخەوە پێستاکە بە دەست کوردەوە و هیچ هەنگاوێکیان نەناوە.
4- هەموو لیستەکانی موچەی "شەهیدان, جینۆساید, بریندارانی چەکی کیمیاوی, زیندانیانی سیاسی, پێشمەرگەی دێرین" بڕاو بکرێنەوەو لە بوونی گەندەڵی و ناوی تاوانباران پاك بکرێنەوە و وردبینی لە سیڤیلەکانیان بکرێت, یاساکان بکرێنە پێوەر بەموچەی ئەو تۆژانە.
5- سەربازگەی تەپزاوا لە فەوتان و لە ناوچوون رزگاربکرێت و بەپێلەپکرێت بە مانەمێنتکی شایستە بە قوربانیانی ئەنفال، چونکە سەربازگەی تەپزاوە بە هاوشێوەی سەربازگەی ئەشفیتزی هەڵەبجەیە، تەبزاوە هەڵەبجەی دیان پێیام و چیرۆکی قوربانیانی ئەنفالە.
6- وەڵام بە داواکاری کۆسوکاری قوربانیان بدرێتەوە, جیاوازی لە نێوانیان نەکرێت, ئێوانەی خانوو و زەویان بە دابین نەکراوە بۆیان دابین بکرێت, ژیانی شایستە بە تاقانەکانی جینۆساید, رزگاربووانی گەڵەی بە کۆمەڵ, رزگاربووانی ئەنفال, بریندارەکان و ..... دابین بکرێت.
7- داواکارین لە بەرپرسان, بە رەزگرتن لە قوربانیانی ئەنفال هەموو دانیشتن و وێنە گرتن و سەردانیکردن و بەشداریکردنەکی پرسی 423 تەمەتباری ئەنفال و ئێوانەی ناویان لە لیستەکەدا نییە و تەواوی موستەشارو فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان و خاوەند پێستە باڵا کارگێری و حیزبییەکانی سەردەمی بەعس رابگرن بە تایبەتیش 258 کەسەی هاووڵاتی هەرەمی کوردستانن, جوڵەی سیاسییان قەدەغە بکرێت, رەز لە 182000 قوربانی ئەنفالمان بگرن .
8- هەر بەشداریێکی سیاسی لە کۆنە سەرکە فەوجە جاشەکان, سەرکە مەفرەزە خاسەکان, ئامر سرییەکان, رەفیق حیزبییەکان, ئەمن و ئیستخبارات و تەواری رژەمی پێشوو و هەموو ئێوانەی بەرپرسیارێتیان هەبووە لە دەسەڵاتی بەعس قەدەغە بکرێت., لە کاتی مردنیان رێگا بگرترێت بە ئاەای کوردستانەوە بنژرێن.
9-هیچکە تاکی کورد نەکرێتە سوتەمەنی ململانێ نەودەوەتی و ئیقلیمییەکان, زەرینەی تاوانەکانی رابردوو بەرامبەر گەلەکەمان کراوە بە بەهانەی ئەم بەشداریانەوە ئەنجام دراوە, بە تایبەت سە

پرسەی جینۆسایدی 8000 بارزانی, 5000 هەڵەبجە, 182000 ئەنفال, ئاشتیخوازی بکرێتە ناسنامەی کوردستانی جینۆسایدکراو.

ڕێکخراوەکان:
-ڕێکخراوی کوردستان بۆ جینۆساید- kwg
-تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – Koncicc
-تۆڕی ئایکان کوردستان ـــ IKN
-ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە کوردستان ـــ OAWMD
-ڕێکخراوی هەماهەنگی دادپەروەری ـــ OJC
-ڕێکخراوی جیهانی بۆ چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی-www
-هەماهەنگی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

- ڕێکخراوی ئایندە
  -گۆڤاری تێبزاوە
  -ڕۆژنامەی نگرێ سۆلمان
- ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
  -کوردسایدچ-چاك کوردستان
  -هەماهەنگی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
  -تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ قەدەغەکردنی چەکی ناوکی و کۆکوژ لە کوردستان=KONW

بۆ دوبارە نەبوونەوەی تاوانی ئەنفال, داوا دەکەین عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی

38ساڵ لەمەوپێش رژێمی بەعس تاوانی ئەنفالی لە پرسیەکی سەربازی 200 ڕۆژدا بڕامبەر بە گەلەکەمانی ئەنجامدا, , لە ئاکامدا زیاتر لە 182000 هاووڵاتی سڤیلی کوردستان بوونە قوربانی, لە بارودۆخەکدا وەك ئێستا دادگایەکی نێونەتەوەیی نەبوو تا ببێتە ڕێگر لە ئەنجامدانی ئەو شا تاوانە.
ئەمە لە یاداوەری 38 ساڵەی تاوانی ئەنفالدا, لە پێناو دوبارە نەبوونەوەی تاوانی لەم چەشنە لە وەاتەکەمان و دنیاوایی نەوەکان بەوەی دوبارە نابێتەوە, داواکارین عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی ناسراو بە ICC, کە هێنووکە 124 وڵات پەیوەست بوونە پێوەی, دواییانیان ئەرمینیایە.
ئەگەر ئەم داواکارییەی ئەمە کە 21 ساڵە دوبارەی دەکەینەوە جێبەجێ بکرابایا, ئێستا کەیسی تاوانکانی شەنگال و شارو شارۆچکانی

دیکە بە سانایی دەگەیشتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و تاوانەکان لە ئاستی جیهانیدا بە جینۆسایدکەران, یان لەوانەیە هەر رووبان نەدایا, رێگاش لە دووبارەبونەوەیان دەگرترا.
بەیە لەم یادەدا داواکارین بە زوترین کات عێراق پەیماننامەی رۆما واژۆ بکات و پێویستە بێت بە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتییەوە ببێتە وەاتی 125مینی ئەندام لەم دادگایە .

تێی هاوپەیمانی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی- KONCICC
14-4-2026

